www.hetaw.net
ژمارە (٨٦٢) چوارشەممە ٧ی تەمموزی ٢٠١٠ی زایینی
ئاڵای ئازادی هەموو چوارشەممەیەك



**ئەو کچە خوێندکارە باسی لەوە کرد کە لەگەڵ هاوڕێو هاوپولەکانیدا چوار ساڵی خۆشیان بەڕێکردووەو بەپێی توانای خۆیشیان سوودیان لە بابەتەکانی زانکۆ وەرگرتووە، هەر بۆیە جێهێشتنی زانکۆ بە کاتێکی زۆر ناخۆش وەسف کرد**

# خوێندکارانی سەنگەسەر پێیانوایە باجی کەمتەرخەمی مامۆستاکانیان دەدەن

## متمانەو دڵسۆزیی منیان بە هەل زانیوەو پرسیارەکانیان راکێشاوەو پێش تاقیکردنەوە گەیشتووەتە دەست خوێندکارەکان

ئا: فەرمان چۆمانی

ماوەی چل رۆژە لیژنەیەک لە پەروەردەی قەڵادزێ سەرقاڵی لێکۆلینەوەیە لەشێوازو چۆنیەتی ئاشکرابوونی پرسیارەکانی پۆلی (١١)ی ئامادەیی لەخوێندنگای هەنگاوی ئێواران لە شارۆچکەی سەنگەسەر، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێکو بەرپرسانی بواری پەروەردەش نایەنەوێت لێدوان بدەن. هاوکات رۆژی ٢٠١٠/٦/٢٨ تاقیکردنەوەی ئەو وانەیە بۆ جارێکی دیکە ئەنجام درایەوە.

رێباز نەبی خوێندکاری پۆلی یانزەیە کە لەو ئامادەییە دەخوێنێتو لەمبارەیەوە دەڵێت "پێش ئەوەی بچینە ناو تاقیکردنەوە، بەیانییەکەی پرسیارەکانم لەخوێندکارێکی خوێندنگای رۆژ وەرگرتن، بەڵام من گرنگیم پێنەدانو کۆششی خۆمم کرد، چونکە پێموابوو ئەو پرسیارانە دەگۆڕێن".

ناوبراو وتیشی "تەنها چەند خوێندکارێکی کەم پرسیارەکانیان نەگەیشتۆتە دەستو خوێندکار هەبووە لەسەر ئەو پرسیارانە کۆششیان کردووە، ئێستاش زۆر نارازیم لەوەی کە تاقیکردنەوەم دەکەمەوە بەو هاوینە، چونکە بۆ دەبێت ئێمەی خوێندکار باجی هەڵەو کەمتەرخەمی مامۆستاکانمان بدەین".

خوێندکارێکی تریش کە نەیویست ناوی بنوسین بە ئاڵای ئازادی وت "ئەو پرسیارانە لەنێوان خوێندکاران دەستاودەستییان کردووە، بۆیە کەس نازانێت چۆن ئاشکرا بوون، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە باسدەکرێت لەلایەن خوێندکارانی خوێندنگای (رۆژ)ەوە دراوە بەخوێندکارانی ئێمە".

ئەو کەسە وتیشی "من خۆم لە سەر ئەو پرسیارانە کۆششم کردووەو کاتێکیش هاتمە ناو تاقیکردنەوە هەمووم بە پەلە وەڵام دایەوە، بەڵام ئێستا ئێمە باجی کەمتەرخەمیی مامۆستاکانمان دەدەین، ئەگەر لەبەر خاتری مامۆستای وانەکە کە مامۆستایەکی زۆر گونجاوە، قەت تاقیکردنەوەم نەدەکرد، چونکە مامۆستاکانمان دەبوایە پارێزگاری لەو پرسیارانە کردباو وەک پێشینان دەڵێن: ماڵی خۆت توند بگرەو کەس بە دز مەگرە".

م. عەبدوڵڵا ئیبراهیم بەڕێوەبەری خوێندنگای هەنگاوی ئێوارانیش بە ئاڵای ئازادی وت "تاقیکردنەوەی جوگرافیای پۆلی (١١) کە لە ئەنجامدرا، لەکاتی تاقیکردنەوەدا قۆپیەکمان گرت، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لێنوسرابوو، بەوشێوەیەی کە پرسیارەکان بۆ تاقیکردنەوەکە هاتبوونەوە، بۆ نمونە نوسرابوو وەڵامی پرسیاری یەکەمو وەڵامی پرسیاری دووەم، تادوا پرسیار، کە ئەوەمان بینی، ویستمان چاوەڕوان بین تا ئەنجام دەردەچێت، بزانین هەموویان بە تەواوی وەڵامیان داوەتەوە یان نا، ئەگەر هەر ئەو کەسە بوایە خۆمان چارەسەرمان دەکرد، بەڵام یەکێک لە مامۆستاکان یەکسەر پەروەردەی لێ ئاگادار کردبووە".

م. عەبدوڵڵا وتیشی "دواتر بەدواداچون کراو، وێنەیەکی پرسیارەکانمان دەستکەوت، کە پێش ئەوەی ئیمزای لەسەر بکرێت لەناو کۆمپیوتەرەکە راکێشراون و دزراون، لە کۆمپیوتەری خوێندنگا ئەو وانەیە رەشنەکرابووەو یەک کۆمپیوتەریشمان هەیە، تەنها منو مامۆستایەکیتر لە کۆمپیوتەر نازانین و ئەوانیتر هەموویان لێی دەزانن، متمانەم پێیان بوو، بەڵام متمانەو دڵسۆزیی منیان بە هەلزانیوەو خیانەتیان کردووە لە بواری پەروەردەو پیشەکەی خۆی".

دەربارەی ئەوەی کە دەبێت ئەو مامۆستایە لەپێناو چیدا ئەوەی کردبێت ناوبراو دەڵێت "مامۆستا هەبووە ئارەزووی ئەوەی دەکرد ببێتە بەڕێوەبەر، یان یاریدەدەر، رەنگە بۆ ئەوەی کە ئیدارە بشێوێننو بڵێن پێیان بەڕێوە ناچێت ئەو کارە کرا بێت، هەرچەندە ئێستا نازانین کام مامۆستایە ئەوەی کردووەو هەموویان سوێند دەخۆن، خوێندکارەکانیش بۆمان روون ناکەنەوە و تێیدا وونبووە".

لەسەر ئەو بابەتە پەیوەندیمان بە ئەندامێکی لیژنەی لێکۆڵینەوەو بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ کرد بۆ وەرگرتنی دوا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئاشکرابوونی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە، بەڵام ئەوان هیچ لێدوانێکیان لەسەر ئەو کێشەیە نەدا، تەنها باسیان لەوەکرد کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشەیە بەردەوامەو دوا بڕیاری لەبارەوە نەدراوە.



هۆڵێکی تاقیکردنەوە ئەرشیف

# بە تەواوبونی ئەمساڵی خوێندنیش خوێندکارانی زانکۆ دڵتەنگ بوون

## لەماوەی خوێندندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان خوێندکاراندا دروست دەبێت، بۆیە بە تەواوبوونی زانکۆ بۆ ماوەیەکی کاتی نیگەرانییان بۆ دروست دەبێت

ئا: ئەحمەد محەمەد گەرمیانی

لەگەڵ تەوابوونی ئەمساڵی خوێندنو ماڵئاوایکردنی خوێندکاران لەساڵێکی تەمەنی زانکۆ، جۆرێک لە دڵتەنگیو پەژارە بە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییەوە دیاربوو، ئەویش بەهۆی تەوابوونی دەوامی ساڵێکی زانکۆو جێهێشتنی حەرەمی زانکۆ بۆ ماوەی چەند مانگێک، یان هەر کۆتاییهێنان بە تەمەنی چوار ساڵی زانکۆ. خوێندکاران بەتایبەتی خوێندکارانی دەرەوەی شاری سلێمانی زانکۆ بە ماڵی دووەم دادەنێنو پێیانوایە دورکەوتنەوەیان لەهاوڕێو هاوپۆلەکانیان دڵتەنگیان دەکاتو شارەزایانی کۆمەڵناسیش دڵتەنگی خوێندکاران بە حاڵەتێکی ئاسایيو کاتی دەبینن‌و پێیانوایە، تەواوبوونی دەوامی زانکۆ کەلێنێکی کاتی لە ژیانی هەرتاکێکی خوێندکاردا دروست دەکات، بەڵام ئەو ماوەیە کاتییەو لەماوەیەکی کەمدا لەبیری دەکەن.

### جێهێشتنی زانکۆ گریاندی

کەژاڵ عەلی کچە خوێندکارێکی دوا ساڵی زانکۆی سلێمانییە، ئەوکاتەی بۆ دواجار ماچی بەیانی هاوڕێی کرد فرمێسک لە چاوەکانی هۆن هۆن دەباری، پاشان ئەو دوو هاوڕێو هاوپۆلە کە بۆ ماوەی چوار ساڵە بە یەکەوەن خوا حافیزی یەکجارەکیان کرد کە یەکتر بینینەوەیان زۆر زەحمەتە، ئەویش بەهۆی دوری شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەیەکتر.

کەژاڵ پێش گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بە کورتی باسی ژیانی چوار ساڵی زانکۆو هاوڕێکانی کردو ووتی "ژیانی زانکۆ کاتێکی زێڕینە لە ژیانی هەر خوێدکارێکدا، بەتایبەتی خوێندکارانی دەرەوەی شاردا کە کاتێکی باشیان هەیە لە پێناو پەرەپێدانو بەرەو پێشچونی ئاستی مەعریفییان، سەرباری ناسینی خەڵکێکیتر کەبێگومان کاریگەری تەواویان لەسەر ژیانی یەکتر دەبێت، بۆیە تەوابوونی زانکۆ بۆشاییەک لە ژیانی هەر یەکێک لەمانەدا دروست دەکات".

ئەو کچە خوێندکارە باسی لەوە کرد کە لەگەڵ هاوڕێو هاوپولەکانیدا چوار ساڵی خۆشیان بەڕێکردووەو بەپێی توانای خۆیشیان سوودیان لە بابەتەکانی زانکۆ وەرگرتووە، هەر بۆیە جێهێشتنی زانکۆ بە کاتێکی زۆر ناخۆش وەسف کرد.

خوێندکارانی زانکۆ لە ماوەی چوار ساڵی زانکۆدا کۆمەڵێک یادگاریو یادەوەریی خۆشو ناخۆشیان دەبێت، کە دەبێتە بەشێکی گرنگی تەمەنیانو رەنگدانەوەی لەسەرتێکڕای ژیانیان دەبێت. کامەران ئەحمەد، خوێندکارێکی قۆناغی سێیەمی زانکۆی سلێمانییەو بە تەواو بوونی ساڵێکی زانکۆ تەنها یەک ساڵی تری خوێندنی دەمێنێت، دوای وەرگرتنی ئەنجامی تاقیکرنەوەکان بە زەردەخەنەیەکەوە کە کەمێک نیگەرانیشی پێوە دیار بوو، ووتی "بەڕاستی هەستکردن بە نزیکبوونەوە لە تەوابوونی زانکۆ تەواو حوزناوییە".

کامەران باسی ئەوەشیکرد کە راستە تەواوبوونی زانکۆ و جێهێشتنی هاوڕێکان ئاسان نییە، بەڵام ئیتر ئەوە سروشتی ژیانەو لە دەسەڵاتی کەسدا نییە. محەمەد هاوڕێی کامەران سەبارەت بە تەوابونی زانکۆ و ماڵئاوایکردنی خوێندکاران لە یەکتر پێیوابوو، راستە لەوانەیە خوێندکاران کەمێک بێتاقەتی هاوڕێو هاوکارەکانیان بن، بەڵام پێویستە خوێندکار دوای تەواوکردنی زانکۆ یەکتر لەبیر نەکەنو هەردەم پشتیوانو هاوکاری یەکتربن، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئایندەدا هەمان پیشەیان دەبێت.

### قۆناغێکی نوێ، بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتر

دوای تەواوبوونی زانکۆ، خوێندکاران بەگوێرەی بەشە جیاوازەکانیان دەچنە بازاری کار و بەپێی ئەو شارەزاییو پسپۆڕییەیان لە کەرتی حکومیو تایبەتدا دادەمەزرێن، سەرەڕای کێشەی دامەزراندنو بێکاربوونی هەندێکیان. لەم ماوەییەدا ئەرکو بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتریان رووبەروو دەبێتەوە.

سەرکۆ محەمەد ماوەی ساڵێکە خوێندنی تەواو کردووەو ئێستا لە کەرتی تایبەتدا کار دەکاتو تەنها چەند هاوڕێیەکی کەمی زانکۆی دەبینێت، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرقاڵبوونیان بە ئیشو کارو دووری شوێنی نیشتەجێبوونی هەندێکیان لەیەکتر، بەڵام ئەوەندەی هەیە بە موبایل لەگەڵ هەندیکییان جارو بار قسە دەکات.

کۆمەڵناسێکیش وای بۆ دەچێت، لێرەوە خوێندکار دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی نوێوە کە بە تەواوەتی کەسایەتیو توانستی کەسەکان بە دیار دەخات. نیگا جەمال لەمبارەیەوە دەڵێت "بە تەوابوونی زانکۆ خوێندکار دەکەوێتە ناو ژیانێکی ئاڵۆزو یەکجار پر کێشەوە، هەر بۆیە پێویستە ئامادەکاری تەواویان بۆ ئەو مەبەستە کردبێت".

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە زانکۆ سەکۆیەکی مەعریفی گەورەییە لە کۆکردنەوەی زۆر تاکی جیاوازدا، کە خوێندکاران لە ماوەی ئەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لە نێواندا دروست دەبێت، بۆیە بە تەواوبوونی زانکۆ بۆ ماوەیەکی کاتی نیگەرانییەک لای هەر یەکێکیان دروست دەکاتو بۆ ماوەییەک لەگەڵ یادگارییەکانی زانکۆدا بەسەر دەبەن، بەڵام دواتر دەگەڕێنەوە سەر کاراکتەری ئەسڵی خۆیانو سەرقاڵی کار و فەرمانەکانی ژیانی رۆژانەیان دەبن، بەڵام دەبێت وەفاو دڵسۆزی زانکۆ هەر لە نێوانیانیاندا بمێنێتو دەستبەرداری یەکتری نەبن.




یەکێک لەساتە ناخۆشەکانی خوێندکاران ماڵئاوایکردنە لەیەکدی